# جیهانی ڕەسەن...شیعری ڕەسەن

و: سەنگەر زراری
Sangarz81@yahoo.com

لە جیهانی کۆندا ,(جیهانی هەبوون، تەواوکراوی رەگەزەکان)مان بینی، بە ملیۆنەها ساڵ بەرلەوەی بۆ ئەم جیهانە بێین و بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئەم ئەستێرەیەدا بمێنینەوە، لەسەرەتادا پێویستبوو تێبیگەین، بەڵام بوارێك نییە بۆ بەراوردکردنی تێگەیشتنی سەرەتاییمان و توانای هاندراوی عەقلی نوێمان لەلایەك و... لە نێوان ئەو جیهانەی لەناوخۆدا ئاڵۆزە و لە دەرەوەشدا بەجۆرێك فراوانە کە وێنا و پێشبینی ناکرێت لەلایەکی تر, ئەی چارە چییە؟!

**- وشە یەکەمین هەنگاو بووە:-**

ڕۆژێکییان مرۆڤ هەستی بەوە کرد کە ناتوانێ لە جیهان تێبگات، واتا ناتوانێ بگاتە حەقیقەت، ناتوانێ بگاتە ماهییەتی ڕەسەن، ناتوانێ بگاتە ناوەکانی یەکەم و جەوهەری پاکی شتەکان، بۆیە لەجیاتی قبوڵکردنی شکست، پەنای بردە بەر فێڵێك، لە قۆناغی یەکەمدا هەڵسا هەبوونەکان(موجودات)ەکانی گواستەوە بۆ زمانێك کە تێی بگات، پاشان دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئەم زمانە، شتەکانی دۆزییەوە، بەڵام ناوی شتەکانی نەدۆزییەوە، بۆیە خۆی ناوی لێنان.

شوێنەوارناسەکان بەهەمان شێوە هەڵسان بە وەرگێڕانی نووسینی شارستانییەتە کۆنەکان بۆ زمانی ئێمە، بەبێ ئەم هەنگاوانە ناسینی ئەم شارستانییەتییانە کارێکی زەحمەت بوو، هەروەکو نەشمان بیستووە شوێنەوارناسێك بانگەشەی ئەوەی کردبێ کە بە وردی لە دەروونی شارستانییەتە کۆنەکان و کەسایەتییەکانی تێگەیشتبێ و هەستی بەبەرجەستەبوونی کردبێ، بۆنموونە؛ ئەم شوێنەوارناسە زەحمەتە لە رابردوو و ئێستا و ئایندەشدا بتوانێ بمانخاتە ناو زمانی جیهانی راستەقینە, بمانخاتە ناو ناوە راستەقینەکە و ماهییەتی رەسەنی شتەکان، ئەو کارانەی لە بەرەبەیانی مرۆڤایەتیشدا کردومانە، رەفزکردنەوەی کاری نەکردە(المستحیل) بووە، ئێمە جیهانمان خستۆتە ناو زمانی خۆمان (کە ئەمەش کارێکی ئازایانە و لەهەمان کاتیشدا ترسنۆکانەیە)، پێکهاتەکەمان لە رووی زمانەوە دووبارە دارِشتۆتەوە، بۆئەوەی بتوانین بیخوێنینەوە، ناومان لە شتەکان نا بەو جۆرەی کە ئێمە دەیزانین و تێیدەگەین، بە ئامرازەکانی عەقلییەتی سەرەتایی خۆمان هەڵمانکۆڵی (هەروەکو ئەمڕۆ) لابەلا چووینە ناو جیهان، پاش ئەوەی بڕیاری گۆڕینی کردنەوەی دەرگاکەماندا، یان لەوانەیە تەنانەت بڕیاری گۆڕینی دۆزینەوەی دەرگاکەمان دابێت، بەڵام بە تێپەڕینی کات ئێمە تووشی وەهمێك بووین کە وامانزانی ئەمە ناوی راستەقینەی شتەکانە و جگە لەم ناوانە هیچ ناوێکی تر نییە، تەنها ئەمە جیهانە و هیچ جیهانێکی تر بوونی نییە، ئێمە بەهۆی ئەم هاتنەمان (گەیشتینە جیهان)، ئەوەی کە دواجار خۆمان دروستمانکردووە، بێئاگاشین لەوەی کە ئەم جیهانە، هیچ نییە جگە لەوەی کە خۆمان دروستمان کردووە، لەیەکەمین رۆژەوە کە بینیمان و لە رووی زمانەوانییەوە دەستمان بە دووبارە دروستکردنەوەی کرد.

وەکو نموونەیەکی سادە بۆ روونکردنەوە دەپرسین: "ئاو" چییە؟ ناوی راستەقینەی چی بووە، بەر لەوەی مرۆڤ بیدۆزێتەوە و بیخواتەوە و ناوی بنێت "ئاو"؟، بەدوور لە زاراوە زانستییەکان و فێڵی زمانەوانی، ماهییەتی راستەقینەی چییە؟! ئایا هەر لە بنەڕەتدا "ئاو" چییە؟ مرۆڤ ئەو کارەی لەگەڵ عەقلی خۆیدا کرد کە مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکی تەمبەڵدا دەیکات، ئەم قوتابییە توانای تێگەیشتنی وانەی "بیرکاری" نییە، مامۆستا هەڵدەستێت بە گۆڕینی هاوکێشەکانی بیرکاری, بۆ نموونەی کارپێکراو لە ژیانی رۆژانە و بەمەش تێگەیشتنی لەلایەن قوتابیانەوە ئاسان دەبێت، لەگەڵ ئەم کارەدا قوتابییەکە ئەو وەهمەی لا دروست بووە کە ئەو فێری بیرکاری بووە، بەڵام لە ئایندەدا رووبەڕووی زەحمەتییەکانی بیرکاری دەبێتەوە، بەڵکو لە بەرامبەر هەر پرسیارێکی بیرکاریدا دەستەوئەژنۆ دەوەستێت، چونکە ئەوەی ئەو تێیگەیشتووە پرسیارە جێبەجێکارییەکانی مامۆستان نەك خودی(بیرکاری).

لە راستیدا مرۆڤ لە جیهاندا تا ئەمڕۆش تەنها رووبەڕووی ئەم لایەنە بەکەڵکەی ژیان دەبێتەوە، بۆ روونکردنەوەی جیاوازی لە نێوان سنووری ئەم تێگەیشتنە و تێگەیشتنە پاك و راستەقینەکەی پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەم جیاوازییە بەو زانیارییە دەچوێنم کە ئاژەڵی (بەرانی نێر) دەربارەی مێرگ و سەوزە گیا هەیەتی، لەگەڵ ئەو زانیارییەی ئێمەی مرۆڤ دەربارەی مێرگ و سەوزە گیا هەمانە.

ئەگەر وشەی "جیهان" لە رستەکانی سەرەوە بگۆڕین بە "شیعر" تێگەیشتن لە مەبەستی من لەم دێرانەی خوارەوە ئاسان دەبێت، بە فەرامۆشکردنی ئەوەی کە "شیعر" لە خودی خۆیدا یەکێکە لە ئامرازەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە جیهان.

ئێمە شیعری جوان دەنووسین، بەڵام هیچ کەسێك نییە بە رەهایی جوانترین شیعر بنووسێت، چونکە شیعر لە ماهییەتی یەکەمدا شعور و هەست و بیرۆکە و شتێکی کیمیاییە نەك جیاواز لەو، واتا تێگەیشتنی زەحمەتە و لەسەرووی توانای مرڤەوەیە، بەئەندازەی زەحمەتی ئەو وجودەی کە تیایدایە، هەروەها لەنێوان ئەم شتە کیمیاییە و "کاغەز"دا ماوەیەکی دوور و درێژ و فەزایەك لە مادەی چڕ هەیە، پاشان بیرۆکەکە لە بەرگی قەسیدەدا دەردەکەوێت کە ماندوو و پیرە، وێنەی یەکەمی لە هیچ ناچێت، تەنها لەو پیاوە پیرە نەبێت کە رۆژێك لە رۆژان گەنج بووە.

گۆڕینی بیرۆکە، شعور، هەست بۆ ئەدەب(وشە، زمان، مێژوو، بەرجەستەکردنی کەلتووری سەردەم) و هونەر(رەوانبێژی، شێوەکاری، ئاواز، چێژ و...) لە راستیدا بە تەواوی پرۆسەی داڕشتنەوەی بیرۆکەیەکی ترە، پرۆسەی هێنانی شیعرە بۆ ناو زمانی مرۆیی و هەوڵدانە بۆ بەهێزکردنەوەی، وەکو چۆن جیهانمان هێنا ناو زمانی خۆمان بۆئەوەی لێی نزیك بینەوە، بەبێ ئەم پرۆسەیە مرۆڤ تووشی لاڵی دەبێت، هەست بە شیعر دەکات، وەلێ ناتوانێ دەریبڕێ.

بەڵام ئەگەر بیرۆکە "نووسرایەوە"، ئەمە شەوق و رووناکی خودی شیعری رەسەن نییە، کەواتە شەوق و رووناکییەکە بۆ کوێ دەچێت؟! هەندێ شاعیر مافی خۆیان تاهەتایە لەم شەوق و رووناکییە و گەیشتن پێی لەدەست دەدەن، کاتێ واتێدەگەن کە نووسیویانەتەوە، بە ئارامی لەسەر ئەو وەهمە دەژین-وەهمی ئەوەی کە واتێدەگەن ئەو قەسیدەی نووسیویانە خودی شیعرە- هەندێکیشیان ئەم شەوق و رووناکییەیان بۆ دەگەڕێتەوە، لە ژێر سێبەری ئەوەی کە مافی تەواویان پێنەداوە، ئینجا لە پێکهاتەی بیرۆکەیەکی تر کە ئەویش شێوە رەسەنەکەی نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی نادیار یان بە رێژەیی لەو دەچێت، لێنزیکبوونەوەیەکی تر دادەڕێژێت، واتا قەسیدەیەکی تر دەنووسێت، کە بەختی لەوەی پێشتر باشتر نییە، کارەکە بۆ هەندێکیان سێیەمین جاریش دووبارە دەبێتەوە، دەبێتە کەللەڕەقی و لێکنزیکبوونەوە و هەوڵەکان چەندبارە دەبنەوە، تا دەگاتە ئەو رادەیەی کە هەموو ژیان و تەمەنی خۆی لە ئازاری تێکۆشەرێکدا بژیێت لە پێناو گەیشتن بە بەلەزەترین ساتەوەخت، ساتەوەختی دووبارە گەیشتنەوە بە یەکەمین شەوق و رووناکی، ئەو ساتەوەختەی کە هەرگیز نایەت.

بەم قسەیە ویستم بڵێم: چۆن مرۆڤ دەستەوئەژنۆیە بەرامبەر گەیشتن بە ماهییەتی بوون و جیهانی زەوی، بەهەمان شێوەش دەستەوئەژنۆیە بەرامبەر گەیشتن بە ماهییەتی شیعر، هەموو جیاوازییەکەش ئەوەیە کە جیهان توانایەکی فیزیاییە و لە پێشتردا بە مرۆڤ بەخشراوە و ئەو بینیویەتییەوە، بەڵام شیعر توانایەکی رۆحییە کە مرۆڤ رۆلی لە بوونی ئەم توانایەدا هەیە.

ئەمەش بەرەو ئەو ئاراستەیەم دەبات کە وادابنێم "شیعری (راستگۆیانە) بە هیچ شێوەیەك بوونی نییە، واتا "شیعری تەواو و روون"، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە زرنگانەی کە مرۆڤ لەم پێناوەدا دەیدات، هەموو شیعرەکانی جیهان، تێکۆشانێکی کەللەڕەقانەن، مرۆڤ بە هیوایە رۆژێك لە رۆژان بگاتە وێنای یەکەمی، بگاتە یەکەمین هەستی خۆی، واتا؛ ئەو کاتەی خۆی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دۆزییەوە، هەموو ئەو شیعرانەی تا ئەمڕۆ مرۆڤ نووسیویەتی هەوڵەکانییەتی بۆ رزگاربوون لەو بەربەستە خواروخێچەی کە لە رۆحی "وجود"ی دادەبڕێ، هەوڵەکانییەتی لەپێناو گەڕانەوە بۆ ناخی بوون، لەپێناو ئەوەی ببێتە بونەوەرێکی تەواو روون، ببێتە وشە یان وشە ببێتە ئەو...ئەو هەوڵەی کە هەرگیز بۆی نالوێ بگاتە مەبەستەکەی، چونکە ئەگەر گەیشتە ئامانجەکەی، هیچ پاساوێك بۆ وجودی شیعر نامێنێتەوە.

ئەگەر نیازمان بێت بەڕاستی بدوێین دەڵێین: مادام ئێمە شیعر بە ئامرازی ماددی وەکو (وشە، زمان) پێشکەش دەکەین، هیچ هیوایەك نییە بۆ لەدایکبوونی "شیعری راستەقینە"، چونکە شیعری راستەقینە زمانی نییە، ئەو-بەروون و سادەیی- پێش زمانە، باوەڕبوونیشمان بەوەی کە زەحمەتە شیعری راستەقینە لەدایك بێت، سادەیی ئامرازە ئیدراکییەکانی خۆمانمان بۆ روون دەکاتەوە، وەهەم تا ئەو رادەیە گەیشتۆتە ئێمە کە لەو باوەڕەداین زمان (نووسین، بڵاوکردنەوەی کتێب) گوێزەرەوەی هەستی شیعریین لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەڵام ئەگەر واتێبگەین, ئەوا سادەیی عەقلەکانمان بە هێز نابن و بەرەو پێش ناچن.

لەڕاستیدا شیعر "رۆح" لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە، نە چەندبارەکردنەوەی پەڕەی نووسین و دیوانەکان، نە ژمارەی ئەو کەسانەی "خەڵاتی شیعری"یان بە دەست هێناوە، نە هیچ هۆکارێکی تر لەو هۆکارانەی ئێمە دای دەهێنین، ناتوانن هەستی شیعری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازنەوە، بەڵکو ئەوەی ئەم کارە ئەنجام دەدات، خودی ئەو شتەیە کە ئەو ئێمە دادەهێنێت، هەروەکو لە

سەرەتای وجودی شیعرەوە تێکۆشاوە تا ئەمڕۆ، مەبەستم "رۆح"ە.

**نووسینی:سەمیر تاهیر**

**سەرچاوە: سایتی "المعابیر"**

http://maaber.50megs.com